شێرپەنجەی سییەکان

**پێرست:**

- پێشەکی
- ئاناتۆمی سییەکان
- شێرپەنجە چییە؟
- شێرپەنجەی سییەکان
- جۆرەکان
- قۆناغەکانی شێرپەنجەی سییەکان بە گوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕیزبەندی دەکرێن:
- شێرپەنجەی سییە کان لەوانەیە پەل بهاوێت (بڵاو بێتەوە) لە ناو:
- هۆکارەکان
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون
- نیشانەکان
- پشکنینەکان لە ئاسانەوە تاکو دژوار قۆناغ بە قۆناغ:
- چارەسەرییەکان: نەشتەرگەری، چارە بە تیشک(ڕادیۆتراپی)،چارەسەری بە کیمیایی
- چارەسەری بە ڕێگەی لیزەرLasertherapy:
- ئامانج لە چارەسەری:
- چی دەتپارێزێت لە تووشبوون بە شێرپەنجە ی سییەکان؟
- سەرچاوەکان

**پێشەکی:**

بە ڕێگەی ئەم نامیلکەیە دەمانەوێت، هەندێک زانیاری پێویست لە سەر شێرپەنجەی سییەکان ئاراستەی خوێنەران بکەین.

لە ئاماری ڕیکخراوی WHO(International Agency for research on cancer &the globocan project 2008) دا کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەستنیشان کراوە ساڵانە بە ڕێژەی ١٢،٧ ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجە دەبن. لە نێوان پیاواندا ڕێژەکەی٦،٦ ملیۆن و لە نێوان ئافرەتاندا ٦،٠ ملیۆن تووشبووە. چاوەڕێ دەکرێت ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٣٠دا بگاتە ٢١ ملیۆن کەس.

هەروەها ساڵانە نزیکەی ٦،٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکەن. ئەم ڕێژەیە چاوڕوان دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠٣٠ دا بگاتە ١٢ ملیۆن کەس.

لێرەدا سەرەتا باسێکی کوورت لە سەر شێرپەنجە بە گشتی و لەسەر شێرپەنجەی سییەکان بە تایبەت دەکرێت. شێرپەنجەی سییەکان یەکێکە لە جۆری هەرە نەخۆشی شێرپەنجە ی مەترسیدار کە بە ڕێژەی نزیکی ١،٦١ملیۆن کەیسی نوێ واتە تووشبوو

ساڵانە لە جیهاندا تۆمار دەکرێت.


لە دواییدا نیشانەکان،هۆکارەکان، پشکنینەکان و چارەسەرییەکانی جۆراوجۆری شێرپەنجەی سییەکان و چۆنییەتی شێوازی ڕەفتاری ژیانی تەندروست و ڕچاوکردنی هەندێک خاڵی پەیوەست دەکرێت.

سەنتەری پەنا، بۆ پشتیوانی لە تووشبووان بە شێرپەنجە لە کوردستان پێیوایە کە بە ڕێگەی بەخشینی هۆشیاری تەندروستی لەسەر شێرپەنجە و شێوازی ژیانی تەندروست، مرۆڤ دەتوانێت تا ڕادەیەک پێش بە تووشبوون بە شێرپەنجە بگرێت یاخود ئەگەر مرۆڤ بە نیشانەکانی ئاشنا بوو، ئەو دەتوانێت بە کاتی خۆی هەڵوێستە وەرگرێت و بە دوای چارەسەریدا بگەڕێت یان بە ئەزموون و هەگبەی ئەو زانیارییەی کە هەیەتی باشتر دەتوانێت کەسانی دەورووبەری خۆی هۆشیار بکاتەوە لە خۆپاراستن و ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە.

هەروەها چۆنییەتی مامەڵەکردن لە گەڵ نەخۆشی شێرپەنجە ئاسان نییە، چۆنکە ئەم نەخۆشییە نە تەنیا گۆڕانکاری جەستەیی بەڵکو دەروونی و کۆمەڵایەتیشی پێوەیە. بۆ نموونە ئەم هەستەی ترس و دڵەڕاوکێیەی کە تووشبوو بە شێرپەنجەی هەیەتی گاریگەری دەخاتە سەر لای کۆمەڵایەتیشی.ئەم سێ گۆشەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری شێرپەنجە لە زۆربەی حاڵەتدا هاوسەنگی لە دەست ئەدات و کەسی تووشبوو دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی دژوار.

لە کۆتاییدا دەتوانی بە ڕێگەی ئەو نامیلکەیە پرسیار و گوومانەکانت ئاراستە بکەی و هاوکاری وەرگری لە کەسانی بە ئەزموون لەم بارەدا.چۆنکە ئیمە پێمانوایە کە "هەموو کەس مافی ڕۆژێکی نوێی هەیە".

لەم گرافیکەی خوارەوەدا دەبینین کە ٥ جۆرە شێرپەنجەکەی کە زیاترین ڕێژەی کۆچ کردنی تووشبووانی پێوەیە:




Aantal sterfgevallen per kankersoort per jaar x 1.000. Bron: WHO, 2009

ڕێژەی کۆچ و جۆری شێرپەنجە بە گوێرەی ڕاپۆرتی WHO ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٩دا:

- شێرپەنجەی سییەکان ١٣٠٠
- شێرپەنجەی گەدە ٨٠٣
- شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ٦٣٩
- شێرپەنجەی جگەر ٦١٠
- شێرپەنجەی مەمک ٥١٩

ڕێژەی زیاترین ٣ جۆرە شێرپەنجەکەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پێش دێن





**پیاوان:**

- شێرپەنجەی سییەکان ١٧%
- شێرپەنجەی گەدە ١٣%
- شێرپەنجەی جگەر ١٢%
- شێرپەنجەکانی تر ٥٨%

**ئافرەتان:**

- شێرپەنجەی مەمک ٢٠%
- شێرپەنجەی دەروازەی منداڵدان ١٣%
- شێرپەنجەی سییە ٨%
- شێرپەنجەکانی تر ٥٩%

ڕێژەی زیاترین ٣ جۆرە شێرپەنجە کەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێش دێن




پیاوان:

- شێرپەنجەی پرۆستات ٢٢%
- شێرپەنجەی سییەکان ١٦%
- شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ١٣%
- شێرپەنجەکانی تر ٤٩%

ئافرەتان:


- شێرپەنجەی مەمک ٢٧%
- شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ١٣%
- شێرپەنجەی سییەکان ٩%
- شێرپەنجەکانی تر ٥١%

- **ئاناتۆمی سییەکان:**

سییەکان جێگیرن لە ناو قەفەزی سینگدا، واتە بە هەردوولای دڵدا هەڵواسراون، بنکی سییەکان لە سەر گلێجە یان دیافراگماو لووتکەشیان لە ئاستی یەکەمین جومگەی بڕبڕاگەی پشتە.
سییەکان پێکهاتوون لە بەستەرە شانەی جۆری جیری(لاستیکی) و ئیسفنجی.

سیی لای ڕاست لە سێ بەش و سیی چەپیش لە دوو بەش پێکهاتووە.هەردوو سییەکان بە جیاواز بە پەردەلینجەیەک، کە پەردەی سییەکانی پێی دەڵێن داپۆشراون. ئەم بەشەی ناوەڕاستی قەفەزەی سینگ، واتە ئەم هێڵەی کە هەردوو سییەکانی لە ژێردا بەش بووەپێی ئەڵێن . Mediastinum

لێرەدا هەروەهابۆڕی هەناسە، سوورێنچک و دڵ، لوولەکانی خوێن، لیمفەکان و دەمارەکانی (عصب )یش جێگیرن.





**De longen**
a. neusholte
b. mondholte
c. keelholte
d. slokdarm
e. luchtpijp
f. luchtpijpvertakkingen
g. luchtkanaaltje
h. longvlies

A. ناو لووت
B. ناو دەم
C. ناو قوڕگ
D. سوورێنچک
E. بۆڕی هەوا
F. بۆڕی بچوکتری هەوا
G. کاناڵەکانی هەوا
H. پەردە سییە

ئەو هەوا یاخود ئۆکسیجینەی کە ئێمە بە ڕێگەی لووت (A) و یان دەم (B) هەڵیدەمژین, دێتە ناو قورگ (C ) بۆڕی هەناسە Trachea (E). بۆڕی هەناسە خۆی لە ناوەڕاستی قەفەزی سینگدا بە دووبۆڕی گەوەرە دەکات (F): کە پێی ئەڵێن بڕۆنشی.هەر بڕۆنشییەک دەڕواتە ناو سییەک.

لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەبینین کە هەریەک لە بڕۆنشییەکانی چەپ و ڕاست دیسان لە ناو سییەکاندا خۆی بە چەند کاناڵێکی تر لە بۆڕی هەناسە دابەش دەکات واتە بڕۆنشییەکان. ئەم کاناڵانە کۆتاییان پێ دێت بە توورەکە یان کیسە هەواییەکان واتە بڕۆنشیۆلیس Bronchiolis.

هەروەها لەم وێنەی خوارەوەدا کیسە / توورەکێکی سی نیشان دراوە( i ).




Detailtekening longen
g. luchtkanaaltje
i. longblaasje

g. کاناڵی هەوا

i. کیسە/ توورەکە هەوایی سی

سییەکان ملیۆنەها کیسە هەواییان هەیە،کە سەرجەمیان خوێنبەری زۆر ووردیلە و باریکیان هەیە. دیواری ئەم کیسە هەواییانە و موولوولە خوێنانە ئەوەندە باریکن کە ئۆکسیجن دەتوانێت پێیدا هاتووچۆ بکات. بەم شێوەیەیە کە هەوای هەڵمژیو دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە ناو خوێن.

ئینجا بە ڕێگەی خوێنەوە ئۆکسیجینی پاک دەتوانێت بۆ سەرانسەری جەستە بڕوات. و هەموو کۆئەندامەکان سوودمەند بن.بە پێچەوانەش ئۆکسیجینی پیس واتە دی ئۆکسیدی کاربۆن جەستە بە جێ بێڵێت.

- **شێرپەنجە چییە؟**

جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە چەندین ملیارد خانە. خانەکان دابەش دەبن،ئەوان کۆپی لە خۆیان درووست دەکەن.
بەم شێوەیە مرۆڤ (مناڵ) گەورە دەبێت.هەروەها لە مرۆڤی پێگەیشتوو(گەنج) ، گەورە ش دا خانەکانی دابەش دەبن.

ئەم میکانیزمە پێویستە،چۆنکە خانەکان تەمەنییان کوورتە و ڕۆژانە لە ناو دەچن.هەموو نەرمکەیەک/ بەستەرە شانەیەک خۆی نوێ دەکاتەوە. بەم شێوەیە برینەکان چاک ئەبنەوە و دەرئەنجامی ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ تەندرووستیمان پایەدار دەبێت.
بەڵام جاریوایە ئەم دابەشبوونەی ئاسایی تێک دەچێت.لێرەدا گرێ پەیدا دەبێت.ئەم گرێیانەی کە ناتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ شانەکانی تر پێیان ئەڵێین گرێی پاک وبێزیان (Benign ).ئەمانە هەندێکجار لە سەر ڕێگان و پەستان لە سەر ئۆرگانێک دەکەن و ئەبن بە هۆکاری ئازار.ئینجا بە ڕێگەی نەشتەرگەری دەکرێت لابردرێن.
بۆ نموونە بالووکە Wart کە گرییەکی بێزیانە، کە درووست ئەبێت.
ئەو گرێیانەی کە ئەتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ ناو شانەکانی تر"هێرش بکەنە سەر شانەکانی تر" پێی ئەڵێن گرێی سنداندار یان مەترسیدار Malign or Cancer (شێرپەنجە).
ئەم شێرپەنجەیە ئەتوانیت پەل بهاوێت لە جەستەدا( Metastasis ) واتە بڵاو ببێتەوە.
بە گوێرەی ئەم شوێنەی کە لە سەرەتادا شێرپەنجەی لێ درووست بووە ، ناوی بۆ دەستنیشان دەکرێت.

- **شێرپەنجەی سییەکان**

زیاترین جۆری شێرپەنجەیە کە لە نێوان پیاواندا پێش دێت. لەم ساڵانەی ڕابردوودا،هەروەها ڕێژەی تووشبووانی ئافرەتیش زیادی کردووە.

- **جۆرەکان:**

بە شێوەیەکی گڵۆباڵ زیاتر لەم دوو جۆرەی خوارەوەیە:

- شێرپەنجەی سییە جۆری خانە بچووک واتە Small-cell carcinoma
- شێرپەنجەی سییە جۆری خانە گەورە واتە Non-Small Cell Lung Cancer (NSCLC)

لەم دابەشکردنەدا لەسەر بنەمایی جۆر و پێکهاتەی خانەکانی گرێ یان تومۆرەکەیە.

لە هەر جۆرێکی شێرپەنجەی سییە، جیاوازی هەیە لە شێوە و ماوەی گەورەتربوونی گرێکە کە لەوانەیە لە ماوێکی دیاریکراودا تەشەننا بکات و بڵاو ببێتەوە.

جۆری شێرپەنجەی سییە،ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەر هەڵبژاردنی جۆری چارەسەری.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا واتە تووشبووان بە شێرپەنجەی سییە نزیکەی ٨٠%ی جۆری خانە شێرپەنجەییەکە جۆری

خانە گەورە واتە Non-Small Cell Lung Cancer (NSCLC) .

لە دوایی دەستنیشانکردنی جۆری شێرپەنجەی سییە،ئینجا قۆناغ یاخود گرێکە لە چی ڕادەیەکدایە گرنگە دیار بکرێت.مەبەستمان لە چی قۆناغێکدا ئەوەیە کە زانین گرێکە تا چی ڕادەیەک گەورە بووە و کوێی تری لە جەستەدا داگیر کردووە.

- قۆناغەکانی شێرپەنجەی سییەکان بە گوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕیزبەندی دەکرێن:

- شوێن و قەبارە یان ئەندازەی گرێ و ئەگەری گورەبوونی لە ناو بەستەرە شانەی دەورووبەری سییەکان دیار بکرێت
- تا چی ڕادەیەک بەڵاو بۆتەوە لە ناو لیمفەکاندا کە لە ناو قەفەزی سینگدا جێگیرن.
- تا چی ڕادەیەک بڵاو بۆتەوە لە ناو لیمفەکانی تری جەستە، یان ە ناو کۆئەندامەکانی تر، بۆ نموونە لە ناو سی یەکەی تریش، ئێسکەکان، لەسەر گلاندەکانی سەر گوورچیلە، جگەریان لە ناو مێشکدا.

ئەم ڕیزبەندییە گرنگە بۆ چارەسەری و زانین لەبارەی چۆنییەتی و گۆڕانکاری نەخۆشییەکە لە داهاتووی تووشبووەکەدا.

شێرپەنجەی سییەکان جۆری خانە بچووک،کە لەم جۆرەدا تا ڕادەیەک بە گشتی نەخۆشییەکە مەترسیدارترە، بە دوو شێواز دابەش دەکرێن بە شێوەی' سنووردار' یان 'بێ سنوور'.

پەل هاویشتنی( بڵاوبوونەوە ) خانەکانی شێرپەنجەیی دەتوانن بە ڕێگەی لیمفەکان و خوێن پەرە بستێنن و بڵاو ببنەوە.

لە حاڵەتی پەلهاویشتنیاندا بە ڕێگەی لیمفدا ئەگەری ئەوە هەیە کە بڵاوبوونەوەکە لە گلاندەکانی لیمفەکاندا بێت. ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەستووبوون یاخود ئاوسانی گلاندەکانی لیمفاویی.

- **شێرپەنجەی سییە لەوانەیە پەل بهاوێت (بڵاو بێتەوە) لە ناو:**

- گلاندە لیمفەکانی نێوان هەردوو سییە و مێدیاستینۆم( ئێسکە نەرمەی ناوەڕاستی سینگ).
- گلاندە لیمفەکانی گەردن / قوڕگ و دەورووبەری مل و ئیسکی نێوان سەر شان و سینگ.
- گلاندە لیمفەکانی ژێر قۆڵ/ بن باخەڵ(ئەم جۆرە کەمتر دێتە پێش).

## پەل هاویشتن(بڵاوبوونەوە) بە ڕێگەی خوێن:

- ئێسکەکان
- جگەر / جەرگ
- مێشک

**پەل هاویشتن یاخود بڵاوبوونەوەی لە ناو** سییەکاندا:

ئەو تووشبووانەی کە بۆ نموونە شێرپەنجەی ڕیخۆڵەیان هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە شێرپەنجەکە لە ناو سییەکانیاندا بڵاو بێتەوە. لەم حاڵەتەدا، ئەوە شێرپەنجەی سییە نییە، بەڵکو هەر بە شێرپەنجەی ڕیخۆڵە بە ئەژمار دێت و بە گوێرەی ئەویش چارەسەر دەکرێت.

- **هۆکارەکان:**

هۆکاری شێرپەنجە بە تەواوی نەدۆزراوەتەوە،بەڵام هەندێک ڕیسک فاکتەر هەن کە زەمینە بۆ تووشبوون هەموار دەکەن وەکو:

- جگەرە کێشان
- کەسانێک کە جگەرە کێش نین بەڵکو دووکەڵی جگەرە کێش هەڵدەمژن
- هەندێک تۆو کیمیایی یاخود پێکهاتە ی کیمیایی وەکو نیکڵ (Ni )، ڕادۆن(Rn )، ئارسنیک (As )، ئەسبێست.

- ڕادۆن

ڕادۆن پێکهاتەیەکی غازی نۆبڵ یاخود نایابی ڕادیۆئەکتیڤی سرووشتییە کە زۆر پێش دێت. رادۆن لە هۆی پاشکۆی ڕادیۆئەکتیڤی ڕادیۆم پەیدا دەبێت.ئەم پێکهاتەیە لە ناو زەوەی و لە ناو کەرەستەی بیناسازی وەکو بەرد دا هەیە. بەم هۆیەوە، لەوانەیە پێکهاتەی ڕادیۆن لە دیوارەکانی خانوو و یان لە شوێنەکانی تر بێتە دەرەوە و لەگەڵ هەوا تێکەڵ بێت. ڕادیۆن دەکرێت خۆی لەسەر پێکهاتە زۆر وردیلەکانی ناو هەوا بنیشێت.بەم ڕێگەیەوە پێکهاتەی ڕادیۆن لەگەڵ هەناسە دێتە ناو سییەکان.
ئەگەر ناو ژوورێک یان شوێنێک بە باشی هەوا ئاڵوگۆڕ نەکات، ئەوە ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕادیۆن کۆ دەبێتەوە.
بە ڕێگەی هەڵمژینی پێکهاتەی پاشکۆی ڕادیۆئەکتیڤی ڕادیۆن،ئەگەری زۆری تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان هەیە. کەسانێک کە جگەرە دەکێشن، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی سییە زیاترە، چۆنکە
نزیکبوون لە پێکهاتەی ڕادۆن و جگەرەکێشان بەیەکەوە ئامادەییان هەیە و بەهێزترن بۆ دروستکردنی شێرپەنجەی سییە.
ئینجا بۆ بەرگریکردن لەم ئەگەرە، باشتروایە کە ناو ژوور یان ئەو شوێنانەی کە تێیدا دەمێنییەوە بە باشی هەوا ئاڵوگۆڕ بکات و لە ژوورێکدا بە دڵنیایی دوو پەنجەرەی تێدا هەبێت و هەروەها دووری بکرێت لە جگەرە کێشان.

هەندێک پێکهاتەی تریش هەن کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان زیاتر دەکەن بەڵام ئەمانە جارێک لە ژێر لێکۆڵینەوەدان وەکو ماددەی بیتووم کە ماددەیەکی بۆ دروستکردنی ئیسفاڵت یاخود کەرەستەی قیرەتاوکردن.

- بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون

**ئەمرۆ لە جهاندا ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە ی سییەکان بە تایبەتی جۆری ئادینۆکارسینۆما Adenocarcinoma بەرەوزیادبوونە. ئەم ئاریشەیە هۆکارەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ رەفتاری نەخوازراوی جگەرەکێشان بە تایبەتی لە ساڵانی ڕابردوودا.**

ڕێژەی تووشبووان بە شێرپەنجەی سییە،زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە کە پێشتر نەخۆشییەک

لە نەخۆشییەکانی سییە ی هەبووە بۆ نموونە هەوکردنی سییە یاخود برۆنشیتیسی درێژخایەنو یان ئاوسانی سییە.

وێکڕایی یەکێک لەم نەخۆشییانە وجگەرەکێشان ئەگەری تووشبوون زیاتر دەکات.

شێرپەنجەی سییە ویراسی یاخود گواستنەوەیی بنەچەکەیی نییە. بەڵام هەندێک جۆر فاکتەری بۆ ماوەی( ویراسی) هەیە کە هەندێک کەسی جگەرەکێش لەوانەی تووشبوونی زیاترە لە کەسانێکی تر.

شێرپەنجەی سییەش هەر وەکو شێرپەنجەکانی تر تەنینەوەی نییە. هەروەها ئەم دەرهاویشتەی ناو سییەکان(خرینو، چڵم) هیچ مەترسی تەنینەوەیی لەسەر نییە.

- نیشانەکان

شێرپەنجەی سییە لەوانەیە چەندین نیشانە یاخود کێشەی پێوە بێت و پەیوەستە بەو شوێنەی کە گرێی شێرپەنجەیی تێدا دروست بووە. لە پەنا ئەوەشدابە گوێرەی چۆنییەتی و ڕاددە و قەبارەی گرێکە و پەل هاویشتنی (بڵاوبوونەوەی) لە جەستەدا.

گرێی شێرپەنجەیی ئەگەر لە ناو بۆڕییەکانی هەوایی دابێت، زیاتر نیشانە و ئازاری پێوەیە تاکو گرێیەکی ناوەڕاستی سی یاخود لە تەنیشتی سی دا بێت. ئەم چەشنە گرێیە لەوانەیە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت و کەمتر نیشانە لەخۆی دەربخات. داویی گەروەبوونی گرێیەکە ئینجا نیشانە یان ئاریشە دەردەخات.

جاریوایە گرێیەکی شێرپەنجەیی بە ڕێکەوت لە کاتێ گرتنی وێنەی سینگ بۆ نەخۆشییەکی تر دەردەکەوێت. جاریواشە مرۆڤ بەدوایی گرێدا دەگەڕێت بەڵام گرێکە ئەوەندە بچووکە کە نادۆزرێتەوە. جاریواش دێتە پێش کە مرۆڤ بڵاوبووەوەی گرێی شێرپەنجەیی لە شوێن یاخود لە ناو کۆئەندامێکی تردا دەدۆزێتەوە بۆ نموونە حاڵەتی فێگرتن کە جاریوایە بڵاوبوونەوەی و دروستبوونی گرییەکی تر لە ناو مێشکدا لە خۆی دە دەخات.

لە زۆربەی حاڵەتەکانی شێرپەنجەی سییەکاندا، بەروەلاوازبوونی هێزی جەستە یاخوود هەستی زوو ماندوبوونی بێهۆ، بەدخۆراکی و دابەزینی کێشی پێوەیە.

جاریوایە ژانەسەر، خەواڵوویی و ئازار لە شوێنیکی جەستەدا دەردەکەوێت.

ئەڵبەتە ئەم نیشانانە دەکرێت نیشانەی نەخۆشییەکی تریش بن،بەڵام لەوانەشە نیشانەی شێرپەنجەی سییە و یان بڵاوبوونەوە ئەم نەخۆشییە بێت.

بەرچاوترین نیشانەی شێرپەنجەی سییە زیاتر گۆڕان لە شێوەی کۆخەکردندایە. لەوانەیە بە کۆخەیەکی سەخت و بەردەوام دەستپێبکات. جاریوایە وێڕای کۆخە، هەندێک خوێن دەبیندرێت. هەروەها لەوانەیە پشوسواری یان هەناسەسواری پێوە بێت

- نیشانەکان

- کۆخەکردنی سەخت و بە ئازار
- هەناسە / پشوسواری
- کاتێ کۆخەکردن ودەرهاویشتنی خوێن وێڕای خرینوو
- بەردەوام گەڕانەوەی هەوکردنی سییەکان
- دەنگنووسانی بەردەوام
- ئازارێکی تیژ لە سەر سینگ، لە پشت و یان لە ناو نێوان شانەکاندا(قۆلینج).

- **پشکنینەکان لە ئاسانەوە تاکو دژوار قۆناغ بە قۆناغ:**

- وێنەی سینگ  بە ڕێگەی تیشکی x واتە Chest x-ray
- سی تی سکەن CT-Scan
- ئیم ئار ئای MRI
- پەت سکەن PET-SCAN
- پەرفوزی سکەن Perfusiescan
- برۆنشۆسکۆپی و بایۆپسی(پارچەی وەرگراو) Bronchoscopy& Biopsy
- پشکنینی دەرهاویشتەی ناو سییەکان(خرینوو)
- نموونە وەرگرتن لە گرێی ناو سییە بە ڕێگەی دەرزی واتە Lungpunction،لێرەدا بە قووڵتر لە ڕێگەی بایۆپسی دەرزییەک دەبرێتە ناو سییە و پارچەیەکی بچووک لە گرێی سییە وەردەگیردرێت.
- کردنەوەی قەفەزی سینگ بە نەشتەرگەری بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی. جاریوایە تەنیا بە ڕێگەی نەشتەرگەری پارچەیەک وەربگیردرێت لە گرێیەکە.ئینجا پزیشک ناچارە سینگ لای ڕاست یان چەپ بکاتەوە بۆ گەیشتن بە نموونەیەک لە گرێی سییە. ئەم نەشتەرگەرییە پێی دەڵێن: Diagnostic Thoracotomy

- ئەگەر نەخۆشی شێرپەنجەی سییە دەستنیشان کرا ئەوە ئەم پشکنینانەی خوارەوە بۆ گەیشتن بە زانیاری زیاتر لە سەر چۆنییەتی و ڕادە و قۆناغی گرێ شێرپەنجەییەکە پێویستە بکرێن:

- پێوانی هێزی سییە / Spiromerty
- سکۆپیکردنی هێڵی ناوەڕاستی سینگ/ Mediastinoscopy
- سکەنکردنی پەیکەر( ئێسکەکان) / Bone Scintigraphy
- ئیکۆ یاخود سۆنۆگرافی جگەر/ Echography
- سی تی سکەنی جگەر
- سی تی سکەنی یان ئیم ئار ئای لە مێشک

لە سەرەتادا تاکو وەڵامی ئەم پشکنینانە وەردەگیرێتەوە،مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی ناخۆش دا دەبێت و لەوانەیە زۆر پرسیاری وەڵام نەدراوەی هەبێت و هزری ماندوو بێت.بە هۆی ئەم بارودۆخەوە لەوانەیە گرژی و ئاڵۆزی دەروونی بۆ کەسی تووشبوو بو شێرپەنجە و کەسانی دەورووبەری دروست بێت. زۆر گرنگە کە هەوڵ بدرێت ئارامی و بپارێزرێت و لەگەڵ بارودۆخە ناهەموارەکە مامەڵەی دروست بکرێت. لەم کاتەدا باشتروایە کەسی تووشبوو یارمەتی چۆنییەتی مامەڵەی دروست لە کەسانی پسپۆر لەم بارەوە وەرگرێت واتە لە دەروونناس نەکو لە کەسانێک کە خۆدی خۆیان کەمتر یان نازانن مامەڵەی گوونجاو چییە و کەسی تووشبوو بە کەنارێکی ناخۆشتر بەرن.

- **چارەسەرییەکان:**

زۆربەی چارەسەرییەکانی شێرپەنجەی سییەکان ئەم ڕێگەیانەی خوارەوەن:

- نەشتەرگەری
- چارەسەری بە تیشک واتە ڕادیۆتراپی
- چارەسەری بە کیمیایی واتە کیمۆتراپی

- **ئامانج لە چارەسەری:**

یەکەم مەبەست ئەوەیە کە چارەسەری بکرێت واتە Curative therapy و بەشێک لەم چارەسەرییە چارە بە کیمیاییە دوایی نەشتەرگەری بۆ مەبەستی ئەوەی کە ئەگەر خانەی شێرپەنجەیی لە جەستەدا پەلی هاویشتبێ/ مابێتەوە کە بەچاو نابیندرین بیکوژێت.ئەم چارەسەرییە پێی دەڵێن: Adjuvant Therapy. کاتێک کە چارەسەری کیمیایی پێشنیار دەکرێت پێش نەشتەرگەری بۆ چووککردنەوەی گرێ کە پیی دەڵێن: Neo- adjuvant therapy.

لە زۆربەی حاڵەتدا بە داخەوە نەخۆشی شێرپەنجە لە قۆناغی پێشچوودا یاخود درەنگدا دەردەکەوێت کە ئیتر چارەسەری بۆ پێشگرتن بە نەخۆشی و چاکردنەوەی ناکرێت، بەڵکو تەنیا پزیشک دەتوانێت هەندێک چارەسەری پێشنیار بکات بۆ لەبارکردنی باری ژیان تاکو نەخۆش زیندوویە.ئەو چارەیە پێی دەڵێن: Palliative care.

چارەسەری هەردوو جۆرەکانی شێرپەنجەی سییە واتە خانە بچووک و خانەگەورە لە یەکتر جیاوازە. پلانی چارەسەرییەکە بە گوێرەی چەند خاڵێک لە لایەن پزیشکانی پسپۆر لەم بارەوە دادەڕێژرێت لە سەر بنەمای:

- جۆری شێرپەنجەی سییە؛
- قۆناغی نەخۆشییەکە؛
- رادەی باری تەندروستی جەستەی نەخۆش بە شێوەی گشتی

جاریوایە، باری نەخۆش ئەوەندە نالەبارە و لە تەمەندا چووە کە نەخۆش بەرگەی وەرگرتنی ئەم هەموو چارەسەرییە کە دژوارە و هێزێکی زۆری پێویستە ناگرێت و مرۆڤ بڕیار ئەدات، چارەسەری وەرنەگرێت و وەکو کورد دەڵێت: چاوەڕێی ڕەحمەتی خوا دەکەم!

- **چارەسەری شێرپەنجەی سییە جۆری خانە گەورە Non-Small Cell Lung Cancer (NSCLC)**

ئەگەر گرێکە هێشتا گەورە نەبووبێت و یان پەلی نەهاویشتبێت، لەم جۆرەیدا مرۆڤ بۆ - چارەسەری بە نەشتەرگەری هەڵدەبژێرێت.

ئەگەر بکرێت تەنیا گرێیەکە و بەستەرە شانەکانی دەورووەری گرێیەکە دەبڕدرێتەوە و لادەبرێت.ىەلام جاریوایە پێویست دەکات کە هەتا بەشێکی سییە یاخود سییەیەک بە تەواوی لابردرێت. لە زۆر حاڵەتدا، لیمفەکانی نزیک گرییەکەش پێویست دەکات لابردرێن. لە دواییدا پزیشکی پسپۆر لە تاقیگەدا، ئەم پارچە بڕاوانە دەخاتە ژێر مایکرۆسکۆپ و دەگەڕێت بە دوایی ئەگەری خانەی شێرپەنجەیی.ئەنجامی ئەم پشکنینە زۆر گرنگە و زانیاری پێویست و ڕوون ئەدات بە پزیشک بۆ پلانی چاەسەری.

نەشتەرگەری سییە، نەشتەرگەرییەکی ئاسان نییە و ئەرکی زۆرە هەم بۆ نەخۆش و هەم بۆ کەسانی دەورووبەریش.چۆنکە نەخۆش پێویستی زۆری پێیان دەبێت تاکو نەخۆش چاکتر دەبێتەوە.

دواکێشەی نەشتەرگەری سییە-

دواکێشەی ئەم نەشتەرگەرییە ئەوەیە کە جێگەی ئەو سییەیەی کە براوەتەوە لە ئاو و تەڕایی پڕ دەبێت و هەروەها قەبارەی سینگ بچووکترە دەبێتەوە. بەم هۆیەوە لەوانەیە کاتێ نالەباری کەش و هەوا، نەخۆش هەندیک پشوسوار بێت.

## - چارەسەری بە تیشک واتە ڕادیۆتراپی

بە ڕێگەی ئەم چارەسەرییە مرۆڤ مەبەستییەتی کە خانەکانی شێرپەنجەیی کە لە ناو سییەدان بە تەواوی یان بەشێکیان لە ناو ببات.ڕادیۆتراپی لە زۆربەی حاڵەتدا بۆ شێرپەنجەی سییە، چارەسەری پالیاتیڤە واتە چارەسەری بنەڕەتی نییە بەڵام جاریوایە بۆ مەبسەتی چارەسەری بنەڕەتییە واتە Curative therapy .

ڕادیۆتراپی هەم لە دەرەوەڕا هەم لە ناوەوەرا دەشێت بکرێت.

## - ڕادیۆتراپی لە دەرەوەڕا:

زیاترین جۆری چارەسەری ڕادیۆتراپی بۆ شێرپەنجەیی سییەیە کە بۆ چەند حفتەیەکە و لە هەر حەفتەشدا ٤ تا ٥ ڕۆژە.

ئەم ڕێگەیە کاتێک هەڵدەبژێرن کە گرێیەکە بە ڕێگەی نشتەرگەری نەتواندرێت دەری بهێنن و یان ئەگەر بارودۆخی تەندروستی نەخۆش زۆر نالەبار بێت و توانای نەشتەرگەری نەبێت. مەبەست لەم چارەسەرییە ئەوەیە کە گرییەکە بچووکتر بکرێتەوە یان خانەکانی شێرپەنجەیی کە لەوانەیە پەلییان هاویشتبێت لە ناو لیمفەکان و هێڵی ناوەڕاستی سینگ واتە میدیاستینوم لە ناو ببەن.

لە کاتێ ڕادیۆتراپیدا نە تەنیا خانە شێرپەنجەییەکان بەڵکو خانەکانی ساغیش تووشی زیان دەبەن.

## - دواکێشەکانی چارەسەریی ڕادیۆتراپی:

- خوێن فڕیدان بە دەم
- کۆخەکردن
- هەناسەسواری
- ماندوویی
- سووربوونەوە و ئازاری پێست و شوێنی تیشک لێدرا(پەڵەی سوور و قاوەیی)
- کێشەی قووتدان، چۆنکە سوورینچک دەکەوێتە بەر تیشک

## - چارەسەری ڕادیۆتراپی لە ناوەوەڕا / Brachytherapy:

ئەم جۆرە چارەسەرییە تەنیا بۆ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە نەخۆشان گونجاوە. لەم چارەسەرییەدا بە ڕێگەی ئامێری برۆنشۆسکۆپ، پێکاهەتەیەکی چارەسەری تیشکی بە ڕێگەی سۆندەیەکی باریک دەباتە ناو کۆئەندامێ هەناسە، نزیک بە گرێی سییە. مەبسەت لەم چارەسەرییە زیاتر پاڵیاتیڤەو هەوڵ ئەدرێت کە کێشەکان کەمتر بکاتەوە.

## - چارەسەری کیمیایی:

به ڕێگەی چارەسەری کیمیایی، هەوڵ ئەدرێت کە پێش بە خانەکانی شێرپەنجەیی بگیدرێت کە لەوانەیە خۆیان لە شوێنێکی جەستەدا شاردبێتەوە و هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

چارەسەری بە کیمیایی چەند جۆری هەیە و بە چەند شێوەی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. بۆ نموونە بە ڕێگەی ئینفوزیۆن، حەب یان دەرزی. بە ڕێگەی خوێنەوە، کیمیاییەکە خۆی دەگەیەنێتە سەر خانەکانی شێرپەنجەیی.

کیمیایی نە تەنیا خانە شێرپەنجەییەکان بەڵکو خانەکانی ساغیش زیانمەند دەکات ئینجا بۆیە ئەم دوا کێشانەی پێوەیە:

- هەڵوەرینی قژ، مووەکان
- هێڵنجهاتن
- ڕشانەوە
- چالاکی ڕیخۆڵەکان وزگ
- ئەگەری زۆری هەوکردن
- ماندوویی

- **چارەسەری بە ڕێگەی لیزەرLasertherapy:**

جاریوایە بە ڕێگەی لێزەرەوە هەوڵ ئەدرێت کە شانەی گرێیە شێرپەنجەییەکە لەناو ببەن. ئەم ڕێگە چارەیەش هەر بۆ مەبەستی پالیاتیڤە تاکو کێشەکانی وەکو کۆخە و پشوسوواری کەمتر کرێتەوە.

- **چارەسەری شێرپەنجەی سییە جۆری خانە بچووک:**

نەخۆشێک کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی سییە جۆری خان چووک بووە، نەشتەرگەری بۆ ناکرێت. تەنیا ئەگەر گرێیەکە زۆر بچووک بێت، گەورەتر نەبووبێت یان پەلی نەهاویشتبێت (بڵاو نەبووبێتەوە) لەوانەیە بیر لە هەڵبژاردن بۆ نەشتەرگەری بکرێتەوە.

باشترین ئەنجام کە چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە کە چارەسەری بە کیمیایی بکرێت، واتە چارەسەری بە دەرمانەکانی پێشگرتن بە دابەشبوونی خانە شێرپەنجەییەکان واتە Cytistatica .

لەم حاڵەتەدا لەوانەیە پلانی چارەسەری بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

- چارەسەری کیمیایی
- چارەسەری بە تیشک/ڕادیۆتراپی و کیمیایی وێکڕا
- رادیۆتراپی وەکو چارەسەری پاڵیاتیڤ( هەروەها بۆ کەمکدنەوەی ئازار)

ئەم نەخۆشانەی کە چارەسەر دەکرێن دژ بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییە،لە نێوان زۆربەیاندا پێیانوایە کە ئەگەر چارەسەرییان بۆکرا و نەخۆشییەکەیان دوایی ٥ ساڵ بۆ نەگەڕایەوە ئەوە ئەوان پاک بوونەتەوە لە شێرپەنجە. بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بە دڵنیایی بڵێت کە کەی نەخۆش پاک بۆتەوە و لە چەنگی شێرپەنجە ڕزگاری بووە و یان لە بنەڕەتدا نەخۆشییەکەی تێدا نەماوە. هەتا بۆ ئەم نەخۆشانەی کە چارەسەریCurative therapy شیان بۆ کراوە ناتواندرێت گرنتی بکرێنکە نەخۆشییەکەیان ناگەڕێتەوە و ئەوانیش ئەگەرییان هەیە کە بە تەواویی ڕزگار نەبووبن.ئەگەر نەخۆشییەکە دوایی نەشتەرگەری گەڕایەوە، کە بە ڕێژەی ٥٠% یان لە نێوان ٢ ساڵدایە و بە ڕێژەی ٩٠%یشیان لە نێوان ٥ ساڵدایە. ئەگەر کەسی تووشبوو دوایی ماوەی ٥ ساڵ بۆی نەگەرایەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەری مانەوەی ماوەی لە ژیانیدا زۆرە. بە ڕێژەی ١٠-١٥%ی سەرجەم نەخۆشانی شێرپەنجەی سییە ڕزگارییان دەبێت و لە ژیاندا دەمێننەوە. بەڵام هەستی ماندووایەتی بەردەوام لە گەڵییاندا دەمێنێتەوە.

له قۆناغەکانی سەرەتاییدا و ئەگەر جۆری شێرپەنجەکە زۆر مەترسیدارنەبێت ئەوە نەخۆش ئەگەری شانسی مانەوەی لە ژیاندا زیاترە لەوەی کە بە پێچەوانەیە.

چی دەتپارێزێت لە تووشبوون بە شێرپەنجە ی سییەکان؟

- نەکێشانی جگەرە (ئەکتیف)
- دوورکەوتن لە هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە کێش ( پەسیف)
- دوورکەوتنەوە لە مادده/ پێکهاتەکانی کیمیایی وەکو دووکەڵی ئۆتۆمۆبیل و یان پاک کەرەوەکان وەکو فاس
- ئاڵووگۆڕکردنی هەوای ناو ژوور
- رۆژانە هەوای پاک هەڵمژین
- جووڵانەوەی ڕۆژانە و وەرزشکردن
- خواردنی کەمتری گۆشتی سوور، چەوری ئاژەڵ و خوێ
- خواردنی زۆر لە ئاو،شلەمەنییەکان،سەوزە و میوەکان
- بەرگریکردن لە کێشی زیادە
- ڕاگرتنی پلەی گەرمای جەستە( نە زۆر سارد و نە زۆر گەرم واتە مامناوەند)
- دووری لە خواردنەوەی ئەلکهول(مەی)
- دووری لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەر و سڕکەرەکان
- گەڕان بە دوایی هۆشیاری تەندروستی بە گشتی و لەبارەی شێرپەنجە بە تایبەت بە ڕێگەی بەرنامەکانی تەندروستی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی، ڕادیۆیی و گۆڤارەکان و چاپەمەنییەکانی تر.

دوایی خوێندنەوەیی ئەم نامیلکەیە، ئەگەر گومان یان پرسیارت هەیە ، ئەوە دەتوانی ئاراستەی پزیشکێکی پسپۆر لەم بارەوە یان ڕاوێژ لەگەڵ سەنتەری پەنا بۆ پشتیوانی لە تووشبووان بە شێرپەنجە لە کوردستان بکەیت.

Facebook:Penapenacenter
E- mail:pena-center@hotmail.com
Mobile:(00964)0750.368 37 44
www.penacenter.com

سەرچاوەکان:

www.kwfkankerbestrijding.nl (longkanker)
www.who.org
www.wcrf.org